# نەکەن لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بەشداری بکەن

ئەورەحمان مەلا سەعید زەنگنە
**Rahman_256@hotmail.com**

باشترین وەڵامێکی جەماوەری لەم رۆژگارە چارەنووسسازەدا بۆ هەڵبڕین بەرزکردنەوەی دەنگی نارەزایی لە دژی سیاسەتە چەواشەکاریەکانی ئەو دوو حیزبە گەندەڵەی پارتی و یەکێتی ، کە وەک پەیامێکی راستەوخۆ لە گوێی ئەمریکا و ئەورووپا و هەموو ئازادیخوازانی جیهاندا بزرنگێتەوە ، لە هەمان کاتیشدا لێدانی زەنگی نارەزاییدەربڕینی ئەو جەماوەرە نەبەردە بێت بۆ سەرانی ئەو دوو دەسەڵاتە گەندەڵەی کوردستان ، کە بە ئاشکرا و بێباکانە گاڵتە بە هەموو موقەدەرات و خەونێکی پیرۆزی ئەو میللەتە دەکەن ، وەک لە چەندەها ساڵانەی لێکدابڕان و بوونی ئەو دوو ئیدارە گەندەڵەوە گوزارش لە خۆیانەوە دەکەن و کێشە چارەنووسسازە سەرەکییەکانی ئەو میللەتەیان خستووتە بەر مەترسییەکی راستەقینەوە ، ئەو ئاوات و رەنگاڵە خەونانەش کە ساڵەهای ساڵە ئەو خەڵکە بەئەمەکانەی کوردستان رەنجیان لە پێناودا داوە و باجەکەشیان پێشوەخت بە کیمیاباران و ئەنفال و ئەشکەنجەدانی نێو زیندانەکانی وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان داوەتەوە . خەریکە لە سایەی بەرژەوەندیی تایبەتی بیری تەسکی حیزبایەتیی ئەو دوو دەسەڵاتە داپڵۆسێنەرەی کوردستانەوە ، سەرپاکی بە فیرۆ برِوات . بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراقدا ، بە تاکە چەکێکی کاریگەری دەستی جەماوەری چینە چەوساوەکانی کوردستان و هەڵێنانەوەی یەکەم هەنگاو دەژمێردرێت ، لە بواری یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی سلێمانی و هەولێردا ( پاشتر شیی دەکەمەوە ) ئەو یەکگرتنەوە چاوەڕوان کراوەش ، تاکە کلیلی کردنەوەی هەموو گرێکوێرە ئەفساناوییە ئاڵۆزەکانی دیکەی بە خۆیەوە گرتووە ، بە پێچەوانەی ئەو دەنگە ناسازانەی کە یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە ، بە کێشەیەکی چارەنووسسازی سەرەکیی ئەم رۆژگارەی دانانێن ، چونکوو ئەو دەنگە دۆڕاوانە لە روانگەی بەرژەوەندیی تەسکی حیزبایەتییەکەی خۆیانەوە دەڕواننە مەسەلەکان و هەر لەهەمان روانگەشەوە دیدەبانی لە کێشە چارەنووسسازەکانەوە دەکەن ، نەک لە روانگەی نەتەوایەتی و بەرژەوەندیی بەرزی وڵات و نەتەوە و گەل و نیشتیمانەوە . ئەو دەنگانە ، راستوڕەوان لەوسەری مەسەلەکانەوە دێنەوە و زۆر باش لەو راستییە گەیشتوون ، کە تاوەکوو پارتی و یەکێتی لە کوردستاندا خاوەن دەسەڵات بن ، یەکگرتنەوەی ئەو دوو ئیدارەیە پەشم و خەیاڵە ، چونکوو ئەگەر تەنانەت قیریش سپی بێتەوە ، دڵی ئەو دوو بەرەبابە دڕدۆنگە لە ئاستی یەکدیدا پاک نابێتەوە . نە ئەمان ئامادەن هێزی سوپای خۆیان و پاراستن و دارایی بخەنە ژێر رکێفی ئەوانەوە ، نە لایەنەکەی دیکەش ئەو بڕوا و متمانە و ئامادەکارییەیان تێدا بەدی دەکرێت . لە هەمان کاتیشدا بە خەیاڵی هیچ لایەنێکیاندا نایەت و بە هیچ جۆرێکیش ئامادەگییان تێدا بەدی ناکرێت ، هەرنەبێ ئەو سەروەت و سامانە لەبنەهاتووەی ( کە مەگەر هەر خۆیان بزانن چەندە ) ، لەگەڵ سوپا چەکدارەکانی خۆیان و پاراستن و ئاساییش ، بخەنە ژێر رکێف و دەسەڵاتی پەرلەمان یان حکومەتی یەکگرتووی ئایندەی کوردستانەوە .

ئەو خۆپەرستی و پارە و دارایی و کوتەکە زەبرئامێز و داپڵۆسێنەرەی دەستی ئەو دوو حیزبە ، مرۆڤ ئەگەر لە ناوەڕاستیشەوە بیگری هەر دەستی پیس دەبێ . بۆیە هەڵچوونەکانی ئەم دواییەی کاک مەسعوود بارزانی ، لە پاش گەڕانەوەی لە سەردانەکانی دەرەوەی وڵات و هەرەشە و گورەشەکانیشی سەبارەت بەوەی ، کە دەیەوێت لە بەردەم پەرلەماندا پەردە لە سەر هەموو کێشە ئاڵۆزەکانی نێوانیان هەڵبداتەوە ، گوزارش لە پەنەمان و هەڵتۆقانی ئەو قەیرانە ناسۆرئاسایەی نێوانیانەوە دەکات کە پێشتر

باسم لێوە کردن . هێژا کاک مەسعوود بارزانی ، ئەو ئاواتەی کە بە هەڵگیرسانەوە و درێژەپێدانی چەندین ساڵەی شەڕی کاولکەری براکوژی ، دەستبەسەراگرتنی گومرگەکەی برایم خەلیل ، هێنانەوەی زرێپۆشەکانی بەعس بۆ کوردستان ، دەرپەڕاندنی یەکێتی بۆ ئێران ، دواخستنی دامەزراندنەوەی پەرلەمانی کوردستان بۆ ماوەی چوار مانگی ڕەبەق ، ئەمانەی کە بە شەڕ و پێکدادان و داڵدەدانی کۆنە بەعسی و موستەشار و ئەنفالچییانی وەکوو تەحسین شاوەیس ، بە هەموو ئەو هەوڵوتەقەلا و هەڵبەز و دابەزەی کە بۆ کاک مەسعوود بارزانی و پاراستن و پارتەکەیەوە دەستەبەر نەکرا و هیچی لێ دەرنەچوو ، ئێستا سەرلەنوێ ئەو ڕەنگاڵە خەونانەی پێشووی ، دووبارە سەری لێ هەڵداوەتەوە ، بەڵام ئەمجارەیان بیانووی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی کردووەتە دەسکەلای دەستی خۆی ، و لەژێر پەردەی بیانووی ئەو دیموکراتییەتەی کە بە درێژایی تەمەنی خۆی نە پیادەی کردووە و نە بڕوای پێ هەبووە ، دەیەوێ ئەمجارەیان بە خشکەیی و لەژێر ناوی ئەو دروشمە پیرۆزانەدا ، خەونەکانی پێشووی خۆی و بنەماڵەکەی و پاراستنە داپڵۆسێنەرەکەی مەسرووری کوڕی بهێنێتە دی و بە ڕاستیان بگێڕێ . هەروا بە ئاسانیش دەسبگرێتە سەر هەموو موقەدەراتی کوردستاندا و یەکێتیش بۆ دەرەوە ! ئەگەر ئەم هەڕەشانە ڕاست و ڕەوان قسەی کاک مەسعوود بارزانی بن ، کە دەیەوێ ڕاستەوخۆ لەپێش پەرلەماندا گوزارشی لێوە بکات ، زیاتر بە بیانوو و وڕینە و گڕووی کەسانێکی پێ سپی و سادە دەچێت ، نەک لێدوانی کەسایەتییەکی سیاسی !

دابڕان و یەکترنەگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی هەولێر و سلێمانی ، پێویستە وەکوو نەخشی سەربەرد و بەدیهی و ڕاستییەکی تاڵ ، بەلای هەمووانەوە وەکوو ڕۆژی ڕووناک ئاشکرا بێت ، چونکوو ئەو دوو بەرەبابە ناکۆکە ، دیواری متمانە و بڕوای نێوانیان دەمێکە تلیساوەتەوە و داری بەسەر بەردییەوە نەماوە . هەر یەکەو لە ئاستی خۆیەوە دەیەوێ چارەسەرکردنی کێشە چارەنووسسازە هەڵپەسێنراوەکانی کوردستان ، بۆ فریودانی جەماوەر و دەسکەوتی حیزبایەتی و بۆ پاشقولدانی ئەوەی دی بەکاری بهێنێ ! ئەوانیش بەکاوەخۆ هیچ پەلەیان نییە و هیچ زیانێک لەوان نەکەوتووە و پەنجەی منداڵێکیشیان چییە خوێنی لێ نەهاتووە ، وەکوو ئاوارەکانی کەرکووک و گەرمیان ، لەژێر دەوار و چادر و چەپەر و کەپری بە تەنەکە دروستکراودا ناگوزەرێنن ، هەر کوڕی ئەو ئاوارە فەقیر و هەژارانەیە ڕۆژانە لە دەشتاییەکانی گەرمیان بە کوشت دەدرێن ، ئاگرە سوورە مادام لە خۆیان بەدوورە ، بۆ نا ، ئەوانێک بێ لێپرسینەوە ، ئەو هەموو پارە موفتەیان لە بەردەستدا بێ ، چش لە کوڕی فەقیر و هەژاری سواڵکەر ، ئەوانە هەر شایانی ئەوەن بەو شێوە و خراپتریش بە کوشت بدرێن ، ئەی گوایە پێشینان نەیان وتووە ( بەرخی نێر بۆ سەربڕینە ) . ئەوانیش لەو کوڕە هەژارانە باشتریان نەدۆزیوەتەوە ، بە پارەوپووڵێکی کەمەوە ، بە فیڕۆ ، هەم بەکوشتیان بدەن و هەم لە کۆڵی خۆیانیان بکەنەوە ، ئەگەرنا ئەوانیش لە پاشەڕۆژێکی نزیکدا ، هەر کە چاویان کرایەوە و ڕەش و سپییان لە یەکتری جیا کردەوە ، ئیتر دەستیان لێ بشۆ . ئەو دوو حیزبە هیچ پەلەیان نییە ، چونکوو شەیتان بە پەلەکردن چاوێکی خۆی لەسەر دانا ، تۆڕەکانیشیان لە هەر گۆم و ئاوی هەموو چۆم و ڕۆخانە و ڕووبارێکی کوردستاندا هەیە ، ماسی پێوە بوو ئەوا خێرعەلاخێر ، ئەگەر هیچیشی پێوە نەبوو ، ئەوان تۆڕی خۆیان هەر لە ئاودایە و هیچ زیانێکیان لێ نەکەوتووە ! ئەوان تاوەکوو ئاو بە شوێن دەمە بێڵەکانیانەوە ڕێبکات و بتوانن بەو هیوا ساختە و تەڵەکەبازییانەوە ، خەڵکانێکی ناهوشیاری پێ فریو بدەن و داهات و سەروەت و سامانی کوردستان لە نێوان خۆیاندا بە موفت و تاڵان برابەش بکەن ، پێم ناڵێن ئەمە کوێ و چێکی خراپە ؟ ئەی ئەو پەندە پڕمانایەتان نەبیستووە کە دەڵێ : ( میللەت کە مەڕ بوو ، گورگی لێ پەیدا دەبێ ) .

بۆیە نەک بە تەنها بەشداربنەکردن ، بەڵکوو ئەم هەڵبژاردنە باشترین دەرفەتێکی مێژووییە بۆ جەماوەری چەوساوەی خەڵکی کوردستان ، کە بە ژن و پیاو و لاو و پیر و منداڵەوە ، زۆر بە ژیری و وریایی و ئاشتیخوازانە و بەبێ نواندنی هیچ زەبروزەنگێک ، بە هەڵکردنی دروشمی ناڕەزاییدەربڕینەوە ، لە ڕۆژی دەنگدانەکەدا هەڵڕژێنە سەر شەقامەکان ، ڕێبازەکەی مەهاتما غاندی لەبەرچاو بگرن و بیکەنە دروشمی هەمیشەیی خۆیان و مەسیحئاسا ئەوەی زللەیەکی لەلای ڕاستت دا ، لای چەپتی بۆ ئامادە بکە . کات و ڕۆژی هەڵبژاردنەکانی ( **15 – 12 – 2005** ) بۆ بایەکۆت و دەنگنەدان و بەرپاکردنی خۆپیشاندانێکی ناڕەزایی دەربڕین لە سەرانسەری کوردستاندا ، دژ بەو دوو دەسەڵاتە گەندەڵە بەرجەستە بکەن ، چونکوو ئەگەر بەشداری لەو دەنگدانەدا بکرێ ، ئەوان دەتوانن بە ئارەزووی خۆیان دەسکاری بکەن و ئەوە بۆ جیهان بسەلمێنن کە زۆرینەی خەڵک دەنگی پێ داون ، چونکوو ئەو دوو حیزبە هەر خۆیان چاودێری سنوقەکانی دەنگدان دەکەن ، نەک چاودێرانی نەتەوە یەکگرتووەکان . لە هەمان کاتیشدا نابێ بە فیشاڵ و درۆودەلەسەکانی ڕاگەیاندن و بەڵێنەکانی پێش هەڵبژاردنی سەرانی ئەو دوو حیزبە فریو بخۆن ، وەک ئەوەی خۆیان بە چەواشەیی گوزارشی لێوە دەکەن ، کە گوایە ئەگەر بەشداری لەو هەڵبژاردنەی داهاتوودا نەکرێ ، مەسەلە چارەنووسسازەکان دەکەونە مەترسییەوە . پێم ناڵێن ئەو مەسەلە چارەنووسسازانە چین ، کە ئەو دوو حیزبە تەفرێندەرە تاوەکوو ئێستا بۆ ئەو کوردە دەستەبەریان کردبێت ؟ ئایا تاوەکوو ئێستا لە ڕووی سیاسییەوە ، لە ڕووخان و کاولکاری و دزی و جەردەیی و تاڵانکاری بترازێ ، بەردێکیان لەسەر بەردێ بۆ ئارامکردنەوە و بنیاتنانەوەی بارودۆخی سیاسیی کوردستان داناوە ، یان هەنگاوێک چوونەتە پێشەوە ؟ تەنها مافی چارەنووسمان هەبوو کە هیوایەکی بە پاشەڕۆژی کورد دەبەخشی ، کاک مەسعوود لە بەغدا ئەوەشی دۆڕان ، کەی ئێوە هێندە بە پەرۆشەوە بوون بۆ ئەوەی ئایندەی کوردستان نەکەوێتە مەترسییەوە ؟ ئەوان زۆر باش لەوە گەیشتوون کە دەستەکانیان لەلای هەمووان ئاشکرا بووە و خەریکە بوون و شەرعییەتی خۆیان لە نێو کوردەکەدا بە تەواوەتی لەدەست دەدەن ، بۆیە سەرلەنوێ پەنایان بردووەتەوە بەر درۆودەلەسە هەڵڕژاندن و بە هەموو جۆرێک کەوتوونەتە گەڕ ، بۆ بەشینەوەی بەڵێنی ڕەنگاوڕەنگی بێ دەسمایەی تەفرێندەر ، کە دڵنیام ئەوان لە بەغدا بن یان نەبن ، دەستی کەرێکیشیان پێ نابەسترێتەوە . لە کاتێکدا سەرپاکی هەموو ئەو ڕستە و بەندانەی کە لە دەستووری بەرین و ئێستادا چەسپاون ، هەمووی لە سایەی سەری ( بریمەر )ەوە بەدی هاتوون و نە لە دوور و نە لە نزیکەوە ، جێپەنجەی سەرانی ئەو دوو حیزبەی پێوە نییە . لە پاش ئەم دەنگدانەش ، هەر بڕیارێک بە مەبەستی دەستێوەردان و گۆڕانکاری ، لەلایەن عەرەبی سوننە و شیعەی بەغداوە لە دەستووردا بکرێت و ڕەزامەندیی ( نەک سەرانی کورد ) ، بەڵکوو دوو لەسەر سێی خەڵکانی هەرسێ پارێزگاکانی کوردستانی لەسەر نەبێت ، ئیتر نوێنەرانی ئەو دوو حیزبە ، لە پەرلەمانەکەی بەغدادا بەشدار بن یا نەبن ، زۆر بن یان کەم ، هیچ لە مەسەلەکان ناگۆڕێ ، چوونکوو وەک ئەوەی کە پێشتر باسم لێوە کرد ، بەپێی ئەو خاڵانەی کە لە بەندەکانی دەستووردا هاتوون ، جەماوەری کوردە ( نەک سەرانی کورد ) دەتوانن ئەو بڕیارانەی کە پەرلەمانی بەغدا دەری دەکات ، بەو دوو لەسەر سێیەی دەنگی خەڵکانی ئەو سێ پارێزگایەی کوردستان ، لە ڕەگوڕیشەوە هەڵیوەشێننەوە . ئەو کاتەش هەڵبژاردنێکی نوێ لە سەرتاپای عێراق و کوردستاندا ، بە هەڵبژاردنێکی نوێی پەرلەمانی کوردستانیشەوە دووبارە دەکرێنەوە . ئەوەش ئەو ڕۆژ و هەلە زێڕینەیە کە دەمێکە کوردی چەوساوەی کوردستان چاوەڕوانێتی ، هەر ئەم خاڵەشە کە سەرانی ئەو دووحیزبەی پارتی و یەکێتی زراویان لێی چووە و هێناونێتییە چۆکدادان ، چونکوو بە دڵنیاییەوە دەیڵێم هەم پەرلەمان و هەم حکوومەتەکەشیان بە یەکجارەکی لە دەست دەردەچێ ، ئەو کاتەش هەرکەسەی چ سەر بە حیزبێک بێت یان بێ لایەن ، وەکوو تاکێکی ئەو کۆمەڵگا مەدەنییە دەنگی پێ دەدرێت نەک وەکوو لیستی بەزۆر داسەپاوەی حیزبەکان . دەبێ لەو ڕاستییەی گەمەی دیموکراتییەتە باش تێبگەین و ئەو هەلە زێڕینە بە

فیرۆ لە دەست نەدەین ، نە ئەمریکا و نە ئەرووپاش پشتگیری لە هێچ لایەن و کەسایەتی و حیزبێک لە عێراقدا ناکەن ، ئەگەر زۆرینەی جەماوەری خەڵکی لەگەڵدا نەبێت . سەرانی کوردیش زۆر باش لەو گەمە دیموکراتییەتە گەیشتوون ، بۆیە پەنا دەبەنە بەر هەموو جۆرە فریودانێک بۆ زامنکردن و بەشداریکردنی زۆربەی جەماوەری خەڵکی کوردستان لەو هەڵبژاردنەدا .

ئەو دوو حیزبە ، لە نێوان دەنگدانی ئەم جارەوە ، دەیانەوێ سەرلەنوێ و بۆ ماوەی چوار ساڵی ڕەبەقی دیکە ، شەرعییەتێکی نوێ بۆ خۆیان و حیزبە گەندەڵەکانیان دەستەبەر بکەنەوە . لە نێوان ئەو دەنگدانەشەوە سەرلەنوێ دەیانوێ ببنەوە خێو و مێردەزمە و دووبارە بکەونە تاڵانوبڕۆی سەروەت و سامانی ئەو کوردە خێرلەخۆ نەدیوە ، بۆیە ئەم جارەیان زیاتر لە جارانی پێشوو و بە شێوەیەکی بەرچاوتر لە جاران ، لە ڕاگەیاندن و کەنالە ئاسمانییەکانەوە کەوتوونەتەوە خۆیان . پڕوپاگەندەکانی بەرین و ئێستاشیان ، وەکوو دەنگی دەهۆڵ و زوڕنای پارشێوانی ڕەمەزانان دێنە بەرچاو ، هەر کە دوایین ڕۆژی مانگی ڕەمەزان بەسەرچوو ، پڵاووگۆشتی جێژنە خورا ، چاوەشەکانیش پارەی خۆیان لە مست نا ، ئیدی ببڕاییبڕای نە دەنگی کوتانی دەهۆڵ دەبیسی و نە ژەنینی زوڕنا .

بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا ، گەورەترین تاوان و خیانەتە دەرحەق بە بنەماکانی دیموکراتییەت و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی مەدەنیی هاوچەرخ و مافی خۆڕسکی مرۆڤی کوردی سەردەم ، کە ئەو دوو حیزبە بێوچان پێشێلیان کردووە . بەشدارینەکردنیشتان دەبێتە هۆیەکی کاریگەر بۆ هەرەسهێنانی ئەو دوو حکوومەت و ئیدارە گەندەڵەی پارتی و یەکێتی و بۆ هەمیشە لەگۆڕنانی دووبەرەکی و پاشتریش یەکگرتنەوە هەردوو ئیدارەکە ، دوور لە دەسەڵاتی حیزبایەتییەوە .

**سۆلەنتونا ـ ستۆکهۆڵم ـ سوید 27 / 11 / 2005**